www.kurdistannet.org
16-10-2006 8:02بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە مەڕ دوو پرسی کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی پارتێکی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆمەڵگایەدا!

ڕۆژی شەممۆ، ڕێکەوتی 14. 10. 2006 ی زایینی، سمینارێک لە مەڕ دوو بابەتی کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی پارتێکی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆمەڵگایەدا، بە کۆڕگێڕی بەڕێزان مەنسوور عەزیزی و فەرزاد میران لە زانکۆی ئوسلۆ، بەڕێوەچوو!
سەرەتا بە گووتەیەکی بەڕێز کاک سەلاح فەهیمپوور، ئەندامی کۆمیتە ناوچەی یەکێتی لاوان لە ئوسلۆ و بەرپرسی دەستەی لاوان بۆ کاروباری دێبلوماسی، بە بەخێرهێنانی سەرجەم میوانەکانی کۆبوونەوە کرا.
پاشان نۆرە گەیشت بە باسی بەڕێز مەنسوور عەزیزی لە مەڕ کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەڕێزیان بە تێر و تەسەلی باسی هۆکارەکانی نوشوستی گەلی کوردی کرد لە مێژووی دوور و نزیکی ئەم گەلە و لە هەمانکاتدا هەڵسەنگاندێکی خێرای کرد لە نێوان دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و قۆناغی ئێستای بارودۆخی ناوچەکەی هەڵسەنگاند و باسی لەو ستراتیژییانە کرد کە کورد دەبێت بیریان لێبکاتەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەکانی داهاتووی پێشبینیکراوی ناوچەکە. پاش باسەکەی بەڕێزیان نۆرە گەیشت بە بەشی پرسیار و لەم بەشەدا ئامادەبووان پرسیارەکانی خۆیانیان ئاراستەی کۆڕگێڕ کرد و بەڕێزیشیان وەڵامی دانەوە. دواتر پشوویەکی دە خوولەکی ڕاگەیەندرا.
باسی دووەم لە لایەن کاک فەرزاد رامین لەمەڕ ڕۆڵی پارتێکی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆمەڵگایەدا، بەرێوەچوو. بەرێزیان بە شێوەیەکی زانستیانە تیشکی خستە سەر شێوەی دروستبوونی حیزبێکی سیاسی و ئەرکی حیزبێکی سیاسی و ئەو پرنسیپانەی کە حیزبێکی سیاسی دەبێ هەوڵبدات بۆ پاراستنیان. پاشان هاتە سەر ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و رابردوو و ئێستا و داهاتووی ئەو حیزبەی هەڵسەنگاند و بە وردی چووە سەر ئەو ڕۆڵانەی کە حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیانگێڕێت.
پاشان هاورێیانی ئامادەبوو، چەند پرسیارێکیان ئاراستەی کۆڕگێر کرد و لە لایەن بەڕێزیانەوە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکان درایەوە!

کۆمیتە ناوچەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئوسلۆ_ نورویژ
ڕێکەوتی14. 10. 2006 ی زایینی